www.kurdistannet.org
20/07/2003 01:03

بە ناوی کوردستانی گەورە !

# شاری تاران، یەکێك لە ناوەندە گەورەکانی حەشییمەتی کورد لە جیهان !

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

2003/7/18

یەکێک لە پێویستیەکانی ئەمڕۆ بۆ سەرکەوتن و پێشەوەچوون لە ژیان دا ، ئەوەیە کە خۆمان بناسین و هەواڵمان لە یەکتری بێ. جا من ، وەک کەسێک کە دانیشتوی ناوچەی تارانم ، هەوڵ دەدەم بارودۆخی حەشیمەتی کوردی ئەم شارە تان پێ بناسێنم.

پێشنیاریشم بۆ خۆشەویستانی کورد ئەمەیە ، سەبارەت بە بارودۆخی حەشیمەتی کوردی شارگەلی مەزنی دیکەی جیهان - ئەو شارانەی ، کە شاری کوردستان نین – مەبەست بنووسن و بڵاوی کەنەوە ، تا هەمووومان هەواڵمان لە یەکتری ببێ. بۆ وێنە ، تا جێگەیەک دەتوانم لە دوورەوە ، قسەی لەسەر بکەم ، پێویستە سەبارەت بە کوردەکانی شارگەلی ئەستەمبووڵ ، ئانکارا ، بەغدا ، دیمیشق ، حەلەب ، بێرووت ، مەشەد ، لەندەن ، پاریس ، نوورێنبێرگ ، بێرلین و شارە گەورەکانی دیکەی ئەڵمان ، ئێرەوان ، ورمێ ، ستۆکهۆلم ، مالمۆ ، گۆتێمبێرگ ، ئۆسلۆ ، نیویۆرک و شارەگەورەکانی دیکەی ئامریکا و شارگەلی دیکەی جیهان ، کە کوردی زۆر لێیە ، شتی راستەقینە بنووسرێ و بڵاو بکرێتەوە.

پێویستە ئەمەش بڵێم ، کە بە داخەوە لە تارانو لە زۆر ناوچەگەلی رۆژهەڵاتی نێوەراستیش ، سەبارەت بە زۆر شت ، ئاماری سیستێماتیک نیە ، هەر لەبەر ئەوە ، من ئەم نووسراوەیەم زۆرتر لە سەر بنەڕەتی ، شتە بیستراو و بینراوەکان نووسیوە ، کە دەبێ بە چاوی ئامارێکی سوننەتی تێی بڕوانرێ :

ئێستا مەبەستەکەتان لە چەند تەوەرەدا پێشکەش دەکەم :

حەشیمەتی کوردی تارن چەند کەسن و خەڵکی کامە شار و ناوچەن ؟ زۆرتر قسە لەوە دەکرێ ، کە نزیکەی یەک میلیۆن و هەشت سەد هەزار کەس کورد لە تاران و دەوروبەری هەیە. بەم چەشنە ، رەنگە تاران یەکێک لەو شارانە بێ ، کە گەورەترین حەشیمەتی کوردی لێ لێیە ، تەنانەت زیادتر لە ئامێد ، هەولێر و کرماشان. یانی ئەگەر ئەو ئامارە بە راست دابنێین ، کە تەواوی حەشیمەتی تاران و دەوروبەری ، دوازدە میلیۆن کەسن ، بەم چەشنە نزیکە پازدە لە سەدی خەڵکی دانیشتوی تاران و دەوروبەری ، دەبنە کورد ، کە ئەمە شتێکی دوور لە زەین نیە.

مەبەست لە دەوروبەری تاران ئەم شار و شارۆچکانەن : کەرەج ، وەڕامین ، شەهریار ، هەشتگیرد ، دەماوەند ، قەڵای حەسەن خان ، بوومێهەن ، روودێهەن و چەند جێگەی چکۆلە تر ، کە گەورە ترینیان ، شاری کەرەجە ، بە نزیکەی دو میلیون حەشیمەتەوە. لە هەمو شارێکی روژهەڵات و تەنانەت لە خوراسانیشەوە ، کورد لە تاران نیشتە جێن ، بەڵام رووناک نیە ، کە زۆرتریان خەڵکی کامە شار و ناوچەی کوردەوارین. تەنیا ئەوە رووناکە ، کە زۆربەیان کوردی کوردستانی رۆژهەڵاتن ، وەک کوردی سۆرانی ، بادینی ، موکری ، ئەردەڵانی ، فەیلی ، کەڵوڕ ، هەورامی ، لوڕ ، لەک و بەختیاری (کە کوردرەگەزن) . هێندێک کوردی خەڵکی باشووری کوردستانیشی لێیە ، کە زوربەیان بە بارزانی دەزانرێن و لەوانەن کەساڵی 1975. لە خزمەت سەرۆکی مەزنی کورد ، مەلامستەفا بارزانی دا ئاوارەی ئەمدیو ببون.

کوردانی تاران ، لە کەیەوە بۆ تاران کۆچیان کردوە؟ :

دەتوانین، ئەم پرسیارە، لە دو بەشدا وەڵام بدەینەوە :

ئەوانــەی لــە کــاتی دەســپێکردنی دەستەڵــاتی رەزا شاوە تا ساڵی 1961، لەگەڵ بنەماڵەیان، بۆتاران کۆچیان کردوە، کەتاقمێکی زۆر کەم بوون و زۆربەیان مرۆڤگەلـی دەرسخوێندوی ئەو کاتە بــوون، کــە لــە نــێو ئەوانەدا بۆ وێنە ئا ماژە دەکەم بە رێزدار دوکتور سەعید خانی کوردستانی، رێزدار دوکتور عەزیز زەندی، ئەفسەرانی کورد، موعەلیم گەل و کارمەندانی دوورخراوەوە.

ئەوانــەی کــە لە ساڵی 1961 بەدواوە تا ئێستا، کۆچیان کردوە، کە لە تاقمێکی تایبەت نین، لە هەمو چینێکیان تێدایە و زوربەیان یا بە دوای پەیدا کردنی کاردا هاتوون، یا لە دەستی بارودۆخی جەنگی نا لەباری ناوچەکانی کوردەواری، بەرەو تاران دەرکەوتون. رەنگە نەود و پێنج لە سەدی کوردەکان ئەمانەن.

خوێندنی کوردی :

لــە زانســتگەی بەهەشــتی و لە نووسینگەی **KKT**کلاسی کوردی هەیە. ئەگەر لە جێگەیەکی دیکە ببێ، من هەوڵم نیە.

چ شوغڵ و کارێکیان هەیە ؟

وەک باقــی خەڵــکی تــاران، کــاری جۆربەجــۆریان هەیــە، وەک پزیشــک، ئەنازیار، پارێزەر، ماموەســتای زانکــۆ و قوتابخانە، کارمەند، دووکاندار، کارگەر، تاجر و شتی وا، بەڵام زوربەی کارگــەرانی بارفرۆشــی مــیوەی تــارن کوردن. زۆر لە کارگەرانی بازاری تارانیش، کوردی ئیلامن. کارگەرانی ساختمانسازی کەرەجیش، کوردی خۆراسانیان زۆر تیدایە.

تا چ ئەنازەیەک، لە نێو خەڵکی تاراندا تاواونەتەوە ؟:

دەتــوانین بڵــێین، لە باری هەستی رەگەز خۆشەویستیەوە هیچ نەتواونەتەوە و زوربەیان بەمەی کــە کــوردن شــانازی دەکــەن، بەڵــام هــی واش هەیــە، کــە زمــان و داب و نــەریتی کــوردی لە بیرچــوەتەوە، بــە تایــبەت، لــە نەسڵــی سێهەم بەملاوە، ئەوانەی کە هەم دایکیان و هەم بابیان کــوردنین. بڕێکیشیان، دەزانن بە کوردی بنووسن و بخوێننەوە. بەڵام باری ئایینی تاران، کەمتر شوێنی لە سەر داناون.

خوێندکارانی زانستگە :

لــە تــەواوی زانکــۆکان خوێــندکاری کورد هەیە، خۆم کە بەینێک لە زنستگەی عیلم و سەنعەت، زمــانی کــوردیم تــەدریس دەکــرد، دەیانــوت هــەر لــەوێ نزیکە 500 خوێندکاری کوردی لێ بو. ئیســتاش کــە لــە زانستگەی بەهەشتی تەدریس دەکەم، قسە لە شەش سەد خوێندکاری کوردە. لە تــەواوی زانســتگەکانی دیکەش، هەر بەم چەشنە خوێندکاری کورد هەیە. بەڵام، هەمیشە زوربەی خوێــندکارەکان، پــاش تەواوکــردنی وانــە، لــە تــاران نامێنن، یا دەرۆنەوە بۆ شاری خۆیان یا جێگەیەکی دیکە، کار پەیدا دەکەن.

ناوەندە کوردیە کان :

بڕێک لە ناوەندە کوردیەکانی تاران ئەمانەن :

کــۆڕی کــوردانی تــاران (**KKT**) ؛ کــە رەنگــە مەزنترین (**NOG**) کوردی بێ لە تاران ؛ فراکیسۆنی کــوردانی پارلمانی ئێران ؛ ئەنیستیتو کوردستان، ئەنجومەنی زمان، فەرهەنگ و ئەدەبی کورد ی

www.kurdistannet.org

تــاران ؛ مالــی کرماشــان ؛ مالــی هەورامان ؛ مالی لوڕستان و ...، بەڵام تا جێگەیەک من هەواڵم هەیە، مزگەوتی تایبەتی کوردی سوونی لە تاران نیە.

هەرچۆن بێ، ئێستا لە ئێران دەڵێن شتەکان بەم چەشنە بەشکراون :

نەخشی رامیاری بە دەستی فارسەوەوەیە، هی ئابووری بە ترکە و نەخشی فەرهەنگی بە کوردە.

بڵاو کراوە کوردیەکانی تاران :

لــە تــاران و تەنانــەت لە تەواوی ئێران، رۆژنامە (شتێک کە هەورۆژێک دەرچێ) بە زمانی کوردی نــیە. بەڵــام، گۆڤــاری خوێــندکاری، تایبەتی زانستگەکان زۆرە، دەتوانم بڵێم هەر زانستگەیەکی گــەورە، بــۆ خــۆی گۆڤــارێکی تایبەتی کوردی هەیە، کە ناوەندی ئەدەبی کوردی ئەو زانستگەیە دەری دەکا. گۆڤاری ئاوێنەش کە بو ، ئێستا داخراوە.

پەیوەندی :

رادەی پەیــوەندی کــوردگەلی تاران لەگەڵ یەک زۆر باشە و زۆرتریان یەک دەبینن و هەواڵیان لە یــەک هەیــە، بــە تایــبەت نووسینگەی KKTبۆ کوردگەلی تاران بوە بە ناوەندێکی فەرهەنگی کــوردی و دیتنی یەک. بەڵام ئەم مەبەستە زۆر گرنگە، کە نەتەوی کورد بە گشتی، لە نێو تەواوی خەڵــکی ئاســایی تــاران و ئێــراندا، بە گەلێکی جوامێر، راستوێژ و بەفەرهەنگ دەزانرێ، کە ئەم پەیوەندیە، سەرمایەیەکی بە نرخی نەتەوییە.

کوردەکان زۆرتر لە کامە ناوچەی تاران دادەنیشن ؟ :

زۆرتریان لە گەڕەکەکانی رۆژاوا و ناوەندی تاران و لە شاری کەرەج دادەنیشن.

میزانی کۆچی بەرەودوا :

هێندە کەمە، کە دەتوانین بڵێین لە سنووری سیفر (0) دایە.

12 - ئافرەتان :

ئافــرەتانی کــوردی تــاران، وەک تــەواوی ئافــرەتانی دیکەی ئەم شارە، لە نێو چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، دەژین. بەڵام، ژمارەی دەرسەدی، ئافرەتانی کوردی خوێندکاری زانستگە، کەم نیە.

سەرنج

چــون زۆر لــە دۆســتان دەزانن، کە من بەپرسی بەشی فەرهەنگی کۆڕی کوردانی تاران (**KKT**) م، جــا، رەنگــە پێیان وابێ ئەم نووسراوەیەم لە لایەن **KKT** وەوە نووسیوە، بەڵام دەبێ بڵێم کە ئەم شتەم، وەک تاقەکەسێک نووسیوە، نە وەک ئەندامی ئەو کۆڕە.

هەوڵیشم داوە رەنگدانەوەی راستەقینەکان بێ، نە دەربڕینی ویست و بیر ورای خۆم.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.